شیکردنەوەی سەرچاوەکان

١ـ کتێبەکانی مێژوو:

موحەممەدی کوڕی ئیسحاق:

کتێبی (المبدأ والمبعث والمغازي) چاکترین کتێبە دەربارەی ژیاننامەی پێغەمبەر ﷺ نووسیوێتی، لە کۆتای یەکەیشیدا چەند بابەتێکی نووسیوە دەربارەی سەقیفەو جێنشینی ئەبوبەکرو پاشگەزبوونەوەی هەندێ لە هەواڵەکانی سەردەمی خەلیفە ڕاشیدەکان.

ئیبنوئیسحاق لە کتێبێکی تری بە ناونیشانی (تأريخ الخلفاء) هەندێ ڕیوایەتی دوورودرێژ لەمەڕ ئەو سەردەمەی باسکردووە، بەڵام ئەو کتێبە ون بووەو بە دەستمان نەگەیشتووە، چەند بڕگەیەك لەو کتێبە دەتوانین ببینین لە نێو کتێبی (تأريخ الطبري)و کتێبی تر.

خەلیفەی کوڕی خەیات:

مێژووی خەلیفەی کوڕی خەیات (٢٤٠ك) بە کۆنترین کتێبی مێژوو دێتە ئەژمار کە پێمان گەیشتووە کە بە شێوەی ساڵەکان نووسراوە، زۆربەی ئەو کتێبانەی بەو شێوە نووسراون پێش ئەو لە نێوچوونە، گرنگیی ئەم کتێبە لە وردیی زانیاری یەکانو پاڵاوتنی ڕیوایەتەکانو ئەوە دایە کە نووسەرەکەی سەر بە قوتابخانەی فەرموودەناسانەو گرنگیی دەدات بە باسکردنی سەنەد، ئەمەو گرنگی یەکی زۆری داوەتە خشتەی فەرمانڕەواو داوەرەکان، هەروەها گرنگیی داوەتە ئەو ڕووداوانەی لە ئاژاوەی سەردەمی عوسمان ڕوویداوە، هەواڵەکانیشی کاریگەری هەبوو لەسەر دیدی ئەهلی سوننەتو جەماعەت بۆ ئەو ڕووداوانەی بەهۆی ئەو متمانەی خەلیفە هەیەتی لە ڕووی قایمکردنی هەواڵەکانی مێژوو، هەروەها بە هۆی زۆر هێنانەوەی ڕیوایەتەکانی فەرموودەناسان، کە ئەمە وایکرد ببێتە سەرچاوەیەکی متمانەدار لەلای توێژەرەوانی مێژووی سەرەتای ئیسلام، کە ئەوکاتە ئارەزووەکان زۆر کاریگەریی هەبوو لە ئاڕاستەکردنی ڕیوایەتەکانو هەڵبژاردنیان.

موحەممەدی کوڕی سەعد (٢٣٠ك) [١]

کتێبی (الطبقات الکبری)ی موحەممەدی کوڕی سەعد باسی ژیاننامەی ئەو کەسانە دەکات کە فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ یان گێراوەتەوە، لە هاوەڵانو شوێنکەوتووانیانو ئەوانەی پاش ئەوان

١) بڕوانە: اکرم العمري: مقدمة لتأريخ خليفة بن خياط٣.

هاتوون، تا دەگاتە چینی مامۆستاکانی خۆی، بەسەرهاتو پلەوپایەو وەسفی ڕەوشتو جلو بەرگو دابونەریتی ئەوانی بە تێروتەسەلی باسکردووە، هەندێ لەوانەش خەلیفەو فەرمانڕەواو سەرکردە بوون، بەم شێوەیەش زانیاری یەکی چاك پێشکەش دەکات دەربارەی مێژووی سیاسیو شارستانییو ڕۆشنبیریی، سەبارەت بە هاوەڵانو شوێنکەوتووەکانیان زیاتر درێژەی داوەتە باسکردنیان.

گرنگیی کتێبەکە لەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئیبنو سەعد شانسدار بوو بە متمانە پێکردنی فەرموودەناسان، بەڵام ڕەخنەشیان لیگرتووە کە هەواڵی لە کەسانێکی وەکو هیشامی کوڕی کەلبیو موحەممەدی کوڕی عومەری واقیدیی وەرگرتووە کە لاوازن، واقیدیی کتێبێکی لە (طبقات)دا نووسیوە ئیبنو سەعد نزیکەی چواریەکی کتێبەکەی خۆی لە ئەو وەرگرتووە.[١]

بەڵام بێ دادیە بۆ ئیبنو سەعد کە باوەڕ بکەین بە وتەی ئیبنونەدیم دەربارەی کە وتوویەتی کتێبەکانی خۆی لە نووسنیەکانی واقیدیی وەرگرتووە.[٢] چونکە ئەو لە چەندین سەرچاوەی تر سوودی وەرگرتووە، تەنانەت ژمارەی مامۆستاکانی لە (الطبقات الكبرى) گەیشتووەتە شەست شێخ، زۆربەیان لە فەرموودەناسانن، ئەوەشی کە وەریگرتووە لە ئەبی نوعەیمی فەزڵی کوڕی دوکەینو عەففانی کوڕی موسلیمو عوبەیدوڵڵای کوڕی موسای عەبسیو مەعنی کوڕی عیسای ئەشجەعی زیاترە لەوەی وەریگرتووە لە واقیدیی، ئەمە جگە لەوەی لە کەسانی تریشی وەرگرتووە.[٣]

ئیبنو سەعد (١٦٨) ریوایەتی گێڕاوەتەوە دەربارەی خیلافەتی صدیق (ڕەزای خوای لێبێت)، تەنها (٣٦) ریوایەتی لە ڕێگەی واقیدیە، واتە کەمتر لە چواریەکی، هەندێ زانیاریی درێژی باسکردووە زۆربەی تایبەتە بە خۆیەوە،[٤] زۆربەی پیاوانی ئیسنادەکانی، کەسانی ناسراونو ژیاننامەیان لە کتێبەکاندا هاتووە، بێجگە لە مامۆستاکانیو واقیدیی مامۆستای[٥] ئەوەش تێبینی دەکرێت کە

١) اكرم العمري: بحوث في تأريخ السنة المشرفة ٨٠.

٢) ابن النديم: الفهرست.

٣) اكرم العمري: بحوث في تأريخ السنة المشرفة ٨٠.

٤) عبدالعزيز بن سليمان المقبل: خلافة أبى بكر الصديق ل١٧ (ماستەرنامەیەکە پێشکەش کراوە بە زانکۆی ئیسلامیی لە مەدینە بە دەزگای چاپکردن نووسراوتەوە).

٥) محمد بن عبدالله الغبان: فتنة مقتل عثمان بن عفان١: ١٦ (ماستەرنامەیەکە پێشکەش کراوە بە زانکۆی ئیسلامیی لە مەدینە بە دەزگای چاپکردن نووسراوەتەوە).

ئەو ڕووداوەکانی ئاژاوەی عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت) بە هیچ شێوەیەك ریوایەتی لە سەیفی کوڕی عومەر وەرنەگرتووە.[1]

(البلاذري):

ئەحمەدی کوڕی یەحیای کوڕی جابیر لە ساڵی ۲۷۹ك کۆچی دوای کردووە، لە خێزانێکدا لە شاری بەغدا هەڵکەوتووە کە هەندێ لە پیاوەکانی بە کاری نووسین ناسراون، ئەویش لە ئەوانەوە فێری ئەو کارە بوو، لە پێناو زانستدا گەشتی کردووە بە شارو شوێنەکاندا، ئەو یەکێك بوو لە وەرگێڕانی زمانی فارسیو کتێبی (عهد أردشير، ونظمه شعراً)ی وەرگێڕاوە بۆ زمانی عەرەبی.[2]

(البلاذري) یەکێکە لە دیارترین مێژوونووسانی موسڵمان لە دوای تەبەری لە ڕووی فراوانی زانیارییی کە لە کتێبەکانیدا هاتووە، ئەو بادە مێژووی یانەی کە گرتوونیەتی یەوە، بەڵام کتێبی (أنساب الاشراف) ریوایەتەکانی باشتر بژارکراوەو سەنەدەکانی پاراوترەو زیاتر دەگونجێ لەگەڵ ریوایەتی متمانە پێکراو ڕاستگۆکانی مێژووی تەبەری.

کتێبی ئەنسابولئەشراف باس لە مێژووی ئیسلامی دەکات لە چوارچێوەی ڕەچەڵەکدا، سەرەتا لە خێزانو هۆزە قورەیشیەکان، دواتریش بە هۆزەکانی تر کۆتای پێدەهێنێت.[3]

بە خوێندنەوەیەك بۆ مامۆستاکانی ئەم مێژوونووسە دەبینین کە زۆربەیان پێش مردنی خۆی بە زیاتر لە بیست ساڵ کۆچی دوایان کردووە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە کتێبەکەی زوو نووسیوە پێش نەخۆشکەوتنەکەی، بە بەراوردی ریوایەتەکانیشی لەگەڵ ریوایەتەکانی ئیبنوسەعدو خەلیفەی کوڕی خەیات، بۆ نموونە دەبینین کە ڕێکدەکەوێت لەگەڵ ریوایەتە (حسن)و (صحيح)ەکان کە لە کتێبەکانی فەرموودەو مێژوودا هاتوون، بۆیە کاتێك کە لە ریوایەتەکانیدا لاوازی یان ناتەبای ڕوو دەدات، ئەوە پەیوەستە بەو کەسانەی کە ریوایەتی لێوەرگرتوون نەوەك لە خودی خۆیەوە.[4]

ئەو ریوایەتەکانی لەمەڕ ڕووداوەکانی (الفتن) لە فەرموودەناسە متمانە پێکراوەکانەوە وەرگرتووە، لە مامۆستاکانی بوخارییو موسلیم لە هەردوو کتێبی (صحيح)دا وەکو عەففانی کوڕی موسلیم و

---

١) هەمان سەرچاوە ١:١٦.

٢) شاكر مصطفى: التأريخ العربي والمؤرخون ١:٢٤٣، ومحمد صامل السلمي: منهج كتابة التأريخ الاسلامي ٣٨٨ـ ٣٨٩.

٣) احسان صدقي العمد: پێشەکییەکی بۆ بەشی تایبەت بە ئەبوبەکری صدیق و عومەری کوڕی خەتتاب لە کتێبی (انساب الاشراف)ی بیلازوری ل١٠ی چاپی کوەیت.

٤) عبدالحميد علي ناصر محمد: خلافة علي بن أبي طالب ل١٣.

ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیمی دەورەقییو عەلی کوڕی مەدینییو عەمری کوڕی موحەممەدی ناقید و ئەبوبەکری کوڕی شەیبەو ئەبو خەیسەمە[1]، هەروەها سوودی لە کتێبی مامۆستا بەغدادیەکانی وەرگرتووە وەکو قاسمی کوڕی سەلامو عەلی کوڕی موحەممەدی مەدائینیو موحەممەدی کوڕی سەعدو ئیبنولئەعرابیو عەلی کوڕی عەبدوڵلای مەدینییو موسعەبی زوبەیریو موحەممەدی کوڕی حەبیبی بەغدادییو عومەری کوڕی شەبە[2].

کتێبێکی دیکەی پێشکەشی کتێبخانەی مێژوو کردووە کە پێمان گەیشتووە، ئەویش کتێبی (فتوح البلدان)ە تیایدا باسی بەسەرهاتی فەتحکردنی هەر وڵاتێك بە جودا دەكات، هەندێ زانیاریی گرنگیشی باسکردووە تایبەت بە ژیانی ئابووریی و کارگێڕیو ڕۆشنبیریی بە شێوەیەك کە نیاز نامێنێت بە لێکۆڵینەوەیەکی تر دەربارەی مامەڵەی موسڵمانان بۆ ئەو ناوچانەی واڵیان کردووە، گرنگیی کتێبەکەشی لەوەدا دەردەکەوێت کە بۆ هەر ناوچەیەك پشتی بەستووە بە سەرچاوە ناوخۆیەکان.[3]

ئیبنو عەبدولحەکەم:

ئەبولقاسمی عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی عەبدولحەکەمی میصریی (١٨٧ـ ٢٥٧ك) لە خێزانێکی زانستپەروەرە، باوکی زانایەکی مالیکیی پایەبەرز بووە و چەندین کتێبی فیقهیو، کتێبی (سيرة عمر بن عبدالعزيز)ی داناوە، هەرسێ براکانیشی زاناو فەرموودەناس بوون.

ئیبنو عەبدولحەکەم چەندین کتێبی نووسیوە بەناوبانگترینیان کتێبی (فتوح مصر و افريقية) تیایدا باسی فەتحی ئیسلامی کردووە بۆ میصر لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێبێت). هەروەها باسی لە پلانەکانی (الفسطاط)کردووە، هەروەها مەسەلەی سەرانەو باجو چەندێتیو چۆنێتی وەرگرتنیو هەڵکەندنی کەنداوی (أمير المؤمنين) و بەڕێوەبردنی میصر لە فەرمانڕەوای عەمری کوڕی عاصدا، دواتر فەرمانڕەوای عەبدوڵلای کوڕی ئەبوسەرح، کۆششی فەرمانڕەواکان لە واڵاکردنی ناوچەکان.

---

١) عبدالحميد علي ناصر محمد: خلافة علي بن أبي طالب ل١٤.

٢) احسان صديقي العمد: پیشەکییەکەی ل ١٠.

٣) شاكر مصطفى: التأريخ العربي والمؤرخون (٢٤٣).

ئەو زۆرجار پشت دەبەستێت بە ریوایەتێکی سەرەکییو دواتر دەریدەخات کە ریوایەتەکانی تر چی زیادەیەك یان جیاوازی یەکی تیادا بێت، جار جارەیش سەنەدەکان کۆدەکاتەوە، زۆربەی ئیسنادەکانیشی راستنو پیاوەکانیشی ناسراون، ریوایەتیشی بە زۆری وەرنەگرتووە لەوانەی بە (الاخبارين) ناسراون.[1]

ئەزدیی:

ئەبوئیسماعیل موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای ئەزدیی بەصرەی (لە سەدەی دووەمی کۆچی ژیاوە) هەڵساوە بە نووسینی کتێبی (فتوح الشام) کە کۆنترین نووسینە لە بابەتی خۆی پێمانگەیشتووە، چونکە هەردوو کتێبەکەی موحەممەدی کوڕی ئیسحاق (١٥١ك)و ئەبو میخنەف (لوط)ی کوڕی یەحیا ونبوون.[2]

ئەم کتێبە زانیاریی دووردرێژی دەربارەی فتوحاتی شام تێدایە، دەست پێدەکات بە باسی راوێژکردنی ئەبوبەکر (رەزای خوای لێبێت) لەگەڵ گەورە هاوەڵەکان دەربارەی نیازی والآکردنی شام، راوبۆچوونی هەندێکیشیان تۆمار دەکات، دواتر باسی بانگهێشتی خەڵکیو هاتنیان بۆ مەدینە دەکات، بەتایبەت خەڵکی یەمەن، هەروەها باسی پەلامارە یەك بە دوای یەکەکانو راسپاردەکانی صدیق بۆ سەرکردەکانی و وەڵامەکانی ئەوان دەکات، ئەمجا باسی جەنگەکان دەکات بێئەوەی رێکیان بخات بە پیساڵ، ئەوە نەبێت کە لە نێو ریوایەتەکان باسی مێژووەکان دەکات، هەندێکی زۆری لەو نامانەی ئاڵوگۆڕی پێکراوە لە نێوان ئەبوبەکرو عومەر لەگەڵ سەرکردەکانیاندا پاراستووە، کە باسیان لێوە نەکراوە لە سەرچاوە مێژوویەکاندا، یان هەندێ باسیان کراوە بەڵام لە رێگەیەکی دیکەوە یان بە کورتی.[3]

ئەزدیی (٩٣) ئیسنادی هێناوەتەوە، ئەوەش هەندێ لە سەرچاوەکانی ئاشکرا دەکات، زۆربەشیان گێڕەرەوەن لە هۆزی ئەزد کە خۆیشی سەر بە ئەوانەو ستایشی رۆڵیانی کردووە لە فتوحاتدا.[4]

١) محمد بن صامل السلمي: منهج كتابة التأريخ الاسلامي ٣٨٣ـ ٣٨٧.

٢) ابن النديم: الفهرست ٩٣، وابن حجر: الاصابة ٤:٤.

٣) اكرم العمري: دراسات تأريخية ٦٩ـ ٧٩.

٤) هەمان سەرچاوە: ٦٩ـ ٧٩.

ئیبنو شەببە :

عومەری کوڕی شەببەی نومەیری (٢٦٧ك) کەسێکی متمانە پێکراوی شارەزا لە بەسەرهاتو ڕووداوەکان، نووسینی زۆری هەیە.[١]

کتێبی (تأريخ المدينة)ی ئەومان پێگەیشتووە کە تیایدا زانیاریی چڕی تۆمارکردووە دەربارەی خەلیفە راشیدەکانو پلانەکانی مەدینە ـ پایتەختی خیلافەت ـ ئەو ریوایەتەکان هەڵدەبژێرێت بۆیە ڕێژەی ریوایەتی (صحيح)و (حسن)ی تیا بەرز دەبێت نیسبەت بە سەرچاوەکانی تر، هەروەها تاك دەبێتەوە لە هێنانەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ریوایەت، لێکۆڵینەوە نوێکانیش سوودیان لێوەرنەگرتووە بە هۆی دواکەوتنی بڵاوبوونەوەیان.

ئەگەرچی ئیبنوشەببە لە (تأريخ المدينة) هەواڵی خەلیفە راشیدەکانی بە تێروتەسەل باسکردووە لە مەدینە، بەڵام ئەو درێژەی داوەتە ئەو باسە لە کتێبێکی دیکەیدا بەناونیشانی (تأريخ البصرة) کە ون بووە، بەڵام حافز ئیبنو حەجەر لە (فتح الباري شرح صحيح البخاري)، لەوێدا بەشێکی هێناوەتەوە باس لە جەنگی جەمەل دەکات.[٢] بەڵام ئیبنو حەجەر ریوایەتە (صحيح)و (حسن)ەکانی هەڵبژاردووە و ریوایەتەکانی دیکەی پشتگوێ خستووە.

یەعقوبی :

ئەحمەد کوڕی یەعقوب ئیسحاق (٢٨٤ك) مێژوونووسێکی شیعەیە، لە نووسینی (دواوین) کاری دەکرد لە فەرمانڕەوای عەبباسی یەکان، یەکێکە لە گەڕۆکە جوگرافیاناسەکان، سوودی وەرگرت لە کارەکەی خۆی و تێبینیی راستەوخۆ لە گەشتەکانی بۆ دانانی کتێبی (التأريخ)و کتێبی (البلدان) بەشی یەکەمی مێژووەکەی بەسەرەتای بوونەوەر دەستی پێکردو ئەمجا باسی پێغەمبەرانو مێژووی نەتەوەکانی پێش ئیسلام، لە بەشی دووەمیشدا باسی لە ژیاننامەو سەردەمی خیلافەتی چوار خەلیفەکەو دەوڵەتی ئومەوییو عەبباسی تاکو ساڵی (٢٥٩ك)، لەم بەشەدا ناوی سەرچاوەکانی خۆی دەستنیشان کردووە، کە (١١) گێڕەرەوەو دوو ئەستێرەناس کە لیانەوە مەسەلەی دەرکەوتنی

١) الخطيب: تأريخ بغداد ١١: ٢٠٨.

٢) فتح الباري ١٣: ٥٤ـ ٥٦.

ئەستێرەکانی وەرگرتووە،[1] جاری وا هەیە بە کورتی باس لە بابەتەکانی دەکات لە لایەکەوە،[2] لە لایەکی تریشەوە بە لایەنگیری بیروباوەڕ، پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەی هەیە ریوایەتەکان بگێڕێتەوە بۆ سەرچاوە سەرەکی یەکان، هەروەها تێڕوانینی ئیسنادو ناوەڕۆکەکان تا چەند سەلامەتن لە هەڵەو کەموکوڕیو کامیان لەگەڵ ریوایەتی گێڕەرەوە متمانە پێکراو و ڕاستگۆکان دەگونجێت یان تێدەگیرێت؟

ئیبنو قوتەیبەی دەینەوەریی :

عەبدوڵڵای کوڕی موسلیم (٢١٣ـ ٢٧٠ك)، زانایەکی گەورەیە لە بواری قورئانو فەرموودەو زمانەوانیی، ڕەخنەگران،[3] بە متمانە پێکراو لە قەڵەمیان داوە، بایەخی داوە بە مێژوو لە ڕێگەی دانانی کتێبی (المعارف)و (عیون الاخبار).

سەبارەت بە کتێبی یەکەم پێدەچێت هۆکاری دانانی پڕکردنەوە بێت بۆ بۆشای کتێب لەو بارەوە پێویستە خەڵکیی بە مێژوویەکی پوختە زانیاری یە سەرەکی یەکانی تیادا بێت، لەوانەشە مەبەستی لی پرۆژەیەك بێت بۆ نووسینی مێژوویەکی جیهانیی، بە سەرەتای بوونەوەر دەست پێبکاتو بە باسکردنی سەردەمی موعتەسیم کۆتای پیٚ بێت، بێجگە لە باسی مێژووی پێغەمبەرانو نەژادی عەرەبو ژیاننامەی هاوەڵانو شوێنکەوتووەکانیان، هەروەها خەلیفەکانو خاوەن راوبۆچوونو ڕەچەڵەکناسو مێژوونووسو فەرموودەناسو شاعیرو فەرمانڕەواو پیشەی کەسە ناودارەکانو مێژووی شاکانی عەرەبو عەجەم... سەرچاوەکانی پشت دەبەستێ بە کتێبو گێڕانەوەی زارەکی، چونکە ئەو لە ئیبنو ئیسحاق و واقیدییو کەلبی سوود وەردەگرێت.[4] بەڵام کتێبی (عیون الاخبار) دەربارەی مێژووی شارستانیی دەدوێ، ئیدی شوێنەواری سیاسەتو ڕووداوەکانو زەمەنی بە دوای یەك هاتووی پێوە دیار نی یە،[5] هەڵەیشە کاتێك دەوترێت کتێبی (الامامة والسیاسة) ئەو دایناوە.

---

١) شاكر مصطفى: التأريخ العربي والمؤرخون ١: ٢٤٩ـ ٢٥٣، و محمد بن صامل السلمي: منهج كتابة التأريخ الاسلامي ٤٢٦ـ ٤٣٢.

٢) مێژووە چاپکراوەکەی باس لە سەردەمی خەلیفەکانی راشیدین دەکات لە (٩٢) لاپەڕە لە ل١٢٣ـ ٢١٥.

٣) لەوانە: (الخطيب البغدادي) و(ابن تيمية) و(الذهبي) (تأريخ بغداد١٠: ١٧٠ـ ١٧١، وتذكرة الحفاظ٢: ٦٣٢، وسير أعلام النبلاء ١٣: ٢٩٦ـ ٣٠٢.

٤) شاكر مصطفى: التأريخ العربي والمؤرخون ١: ٢٤٠، والدوري: نشأة علم التأريخ عند العرب ١٣٦.

٥) شاكر مصطفى: التأريخ العربي والمؤرخون ١: ٢٤٠.

تەبەریی:

موحەممەد کوڕی جەریر (٢٢٤ـ ٣١٠ك) پێشەوایە لە تەفسیرو فیقهو مێژوو، ناوبانگی دەرکردووە بە هەردوو کتێبەکەی لە تەفسیرو مێژوو، کە بە ئینسکلۆپیدیا دەژمێرێن لە بواری خۆیاندا، گرنگە لامان بایەخی مێژووی ئەو کتێبە بزانین لە توێژینەوەی سەردەمی خەلیفە راشیدەکان، چونکە دەوڵەمەندترین سەرچاوەیە لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ئەو سەردەمە، لەو کارەی پشتی بە کتێبی گێڕەرەوەکان بەستووە کە کتێبیان داناوە دەربارەی رووداوە جۆراوجۆرەکانی ئەو سەردەمە، بۆ نموونە لە مەسەلەی پاشگەزبوونەوە متمانەی کردووە بە کتێبی (الردة)ی سەیفی کوڕی عومەری تەمیمی (١٧٠ك) کە ناسرا بوو بە لایەنگیری هۆزایەتیی بۆ تەمیمو عێراق، بۆیە شانسدار نەبوو بە متمانە پێکردنی کەسێك لە فەرمووودەناسەکان، بەڵکو وازیان لە ریوایەتەکانی هێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا رێزی خۆی پاراستووە لای مێژوونووسەکان، چونکە ئەو تاك بووەتەوە لە وێنەکێشانی رووداوەکان بە لێزانیو رێکوپێکی، هەروەها بەهۆی هەندێ درێژەپێدان کە جگە لە ئەو کەس باسی نەکردووە.

لە بواری فتوحاتدا متمانەی کردووە بە کتێبی (الفتوح)ی سەیفی کوڕی عومەری تەمیمی لەگەڵ دوو کتێبی تر (فتوح الشام)و (فتوح العراق)ی ئەبو میخنەف (١٥٧ك) کە لە دانیشتوانی کوفەیەو لایەنگیری شیعەی کردووە، جگە لە کتێبەکانی عەلی کوڕی موحەممەدی مەدائینییو سەیفی کوڕی عومەرو عومەری کوڕی شەببە، بەڵام لە فیتنەی کوژرانی عوسمانی کوڕی عەففان خوای لێ رازی بێت متمانەی کردووەتە سەر کتێبەکانی واقیدیو تەواوی کردووە بە ریوایەتی سەیفی کوڕی عومەرو عومەری کوڕی شەببە، و ئیبنو ئیسحاق،[1] سەبارەت بە جەنگی جەمەلو صەففین متمانەی کردووە بە کتێبەکانی عەلی کوڕی موحەممەدی مەدائینی (٢٢٥ك) کە ناسراوە بە مامۆستای ئەوانەی ریوایەتی مێژووی یان گێڕاوەتەوە، چەندین کتێبیشی دەربارەی بابەتەکانی سەردەمی راشیدین داناوە، ریوایەتەکانیشی مامناوەندو نزیکن لە راستی یەوە بە زۆری، هەروەها متمانەی کردووەتە سەر کتێبی (صفين)ی ئەبومخنەف (لوط)ی کوڕی یەحیا، بە پلەیەکی کەمیش لەسەر کتێبی (صفين)ی نەصری کوڕی موزاحیم (٢١٢ك) کە خەڵکی کووفەیەو ئارەزووی بەلای

١) السلمي: منهج كتابة التأريخ الاسلامي ٤٤٤.

شیعەدا بووە، بۆیە فەرمووودەناسان بە توندی رەخنەیان لێگرتووە بە هۆی ئەو بیروباوەڕەی یان بە هۆی لاوازیی کارامەی لە ریوایەتدا، یان لەبەر هەردوو هۆکارەکە پێکەوە.[1]

لەبارەی لیستی سەرکردەکانی حەجو فەرمانڕەوای هەرێمەکانو دەنگوباسی موجاهیدەکان پشتی بەستووە بە واقیدیو ئەبومەعشەری سیندیی.[2]

هەروەها سوودی وەرگرتووە لە کتێبی (تأريخ الخلفاء)ی موحەممەدی کوڕی ئیسحاق (١٥١ك)و مێژووی ئیبنو ئەبی خەیسەمە (٢٧٩)و مێژوو بە پێی ساڵەکانی هەیسەمی کوڕی عەدی (٢٠٦)و کتێبەکانی موحەممەدی کوڕی عومەری واقیدی (٢٠٧)و ئیبنو سەعد (٢٣٠)ی دانەری (الطبقات الكبرى في أخبار عصر الخلافة الراشدة) تەبەریی بە راشکاوی باسی لە ئەو سەرچاوانە نەکردووە کە زانیاریی لێوەرگرتوون ئەوە نەبێت کە ناوی دانەرەکان دەبات، بەڵام دەناسرێن لە رێگەی ژیاننامەو سروشتی ناوەڕۆکی ریوایەتەکانیان.

تەبەریی ریوایەتی مێژووی باس دەکات بە ئیسنادەوە، سەرەڕای ئەوەش کە هەڵیدەبژێرێت لە کتێبی بەسەرهاتو نووسەرەکان، بەڵام کۆششی نەکرد بۆ پالاوتنی ریوایەتە متمانە پێکراوەکان، بەڵکو بواری بۆ خوێنەر کردەوە خۆی رەخنەبگرێت و بڕیار بدات، خۆیشی تەنها هەواڵەکە بداتە پاڵ سەرچاوەکان کە زۆربەیان نەماون، بەم کارەش بابەتێکی مێژووی فراوانی بۆ پاراستین، لێکۆڵینەوەی پێویستی بە هەندێ پێوەری رەخنەگری روون هەیە پێش ئەوەی متمانەیان پێبکرێت لە شیتاڵ کردنەوەو بەهانە گرتن، چونکە نوێنەرایەتی هەندێ قوتابخانەی فیکریی‌و سیاسی هەمەجۆر دەکەن، بۆیە جێگای سەرسوڕمان نی یە ئەگەر ریوایەتو بیروبۆچوونەکانی لێکدانو جیاوازیی تیا بەدی بکرێت لەمەڕ رووداوەکان.

تەبەریی بە درێژیی باسی لە ژیاننامەی خەلیفە راشیدەکان کردووە، بە تێروتەسەل باسی رووداوەکانی پاشگەزبوونەوەو فتوحاتو ئاژاوەکانی کردووە، بەم شێوەیەش بوو بە فراوانترین سەرچاوە بۆ سەردەمی خیلافەتی راشیدەو بە تایبەت لە بوارەکانی ژیانی سیاسیو چالاکیی سەربازیدا .

---

١) الذهبي: ميزان الاعتدال ٤: ٢٥٣ـ ٢٥٤.

٢) السلمي: منهج كتابة التأريخ الاسلامي.

مەسعوودی:

عەلی کوڕی حوسەینی کوڕی عەلی (٣٤٦ك) لە دایکبوونو پێگەیشتنی لە بەغدا بووە، هەر لە سەرتای لاویی دەستی کردووە بە گەشتو گوزار بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاریی مێژوویو جوگرافیی، گەڕاوە بە سەرانسەری جیهانی ئیسلامیو دەرەوشیدا. کتێبە هەمەجۆرەکانی کە دایناون رۆشنبیریی و زانینی بەربلاوی ئەو دەردەخات، سەردەمی خیلافەتی راشیدەی باس کردووە لە کتێبی (مروج الذهب ومعادن الجوهر) لە (١٥٦) لاپەڕەدا، لە (ل٣٢٥ بۆ ل٤٨١) پێشەوا زەهەبی وای بۆ دەچێت کە مەسعودیی موعتەزیلی بێت،[1] ئیبنوحەجەریش دەڵێت: "كتبه طافحة بانه كان شيعياً معتزلياً".[2] یەکێ لە توێژەرەوانیش گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە هەواو ئارەزووی شیعەگەریی تیایدا بەهێز بووە، هەندێ بەڵگەی بەهێزیشی لەم بارەوە هێناوەتەوە.[3]

مەسعودیی نە ئیسنادی ریوایەتەکانو نە ناوی کتێبەکان کە لیان وەردەگرێت ئاشکرای نەکردووە، تەنها ئەوە نەبێت ئاماژەی بە لیستێك کتێبی مێژووی سەردەمی راشیدین دەکات، کتێبەکانی ئەبومیخنەفو هەیسەمی کوڕی عەدی تائی (٢٠٧ك)و موحەممەدی کوڕی عومەری واقیدی (٢٠٧ك) عەلی کوڕی موحەممەدی مەدائینی (٢٢٥ك) و ئەحمەدی کوڕی یەحیای بیلازوریی (٢٧٩ك)، یەکێ لە توێژەرەوانی ئەوەی تێبینیی کردووە کە ئەو فەزڵی عەلی دەداتە سەر هەموو هاوەڵاندا، ئاماژە بەوەش دەکات کە لە هەموان لەبەرتربووە بۆ وەرگرتنی خیلافەت، نەیارەکانی (عەلی)ش لە هاوەڵان بە عوسمانی یەکان ناوزەد دەکاتو تۆمەتی تەماعکاریان دەداتە پاڵ، دەرئەنجامەکانی جەنگی (صفین) بە دەستکەوتێکی ئاشکرا دەزانێت، بە وتەی لێکۆڵەرەوەیەکی تر، مەسعودیی هەوڵی دەدا راوبۆچوونی شیعەکان پێش بخات لە سەرەتای مێژووی ئیسلام.[4]

ئیبنو ئەعسەمیی کووفی:

ئەبو موحەممەد ئەحمەدی ئەعسەمیی ئەزدیی دوای ساڵی (٣٢٠ك) لە دونیا دەرچووە مێژوونووسێکی شیعەیە، کتێبەکەی یەکێکە لە بەرینترین کتێبەکانی فتوحات، هەروەها بە

١) الذهبي: سير أعلام النبلاء ١٥: ٥٦٩.

٢) ابن حجر: لسان الميزان ٤: ٢٢٥.

٣) سليمان بن عبدالله السويكت: منهج المسعودي في كتابة التأريخ ٧٤.

٤) السويكت: منهج المسعودي ٣٥٨ـ ٣٦٢.

شیکراوەی باسی لە بزووتنەوەی پاشگەزبوونەوە کردووە، متمانەی بە هەندێ سەرچاوە کردووە کە لە نێوچوون. ئیسنادەکانیشی ـ کە پارێزراوە لە نوسخەی خدابەخش ـ بەرز دەبێتەوە بۆ عوروەی کوڕی زوبێر (٩٣ك)و موحەممەدی کوڕی موسلیمی شیهابی زوهریی (١٢٤ك)و یەزیدی کوڕی ڕۆمانی ئەسەدیی (١٣٠ك)و موحەممەدی کوڕی ئیسحاق (١٥١ك)و موحەممەدی کوڕی عومەری واقیدیی (٢٠٧ك). وایش دەردەکەوێت کە ریوایەتەکانی واقیدیی دەکاتە بنچینە بۆ مەسەلەی پاشگەزبوونەوەو دواتر هەندێ سەرچاوەی بۆ زیاد دەکات، بە تایبەت لە بواری ئامۆژگارییو شیعر.[1]

هەروەها سوودی وەرگرتووە لە ریوایەتەکانی ئەبومیخنەفو هیشامی کەلبیو عەلی کوڕی موحەممەدی مەدائینی (٢٢٥ك).

بایەخ پێدانی ئیبنو ئەعسەم بە هۆنراوە ئاشکرایە لە ڕێگەی ئەو هەموو هۆنراوەی لە کتێبەکەی هێناویەتی یەوە هۆکاری یارمەتیدەریش لەم بارەوە ئەوە بووە کە خۆی شاعیر بووە، هەروەها بایەخی داوە بە باسکردنی وتارو نامەی ئالۆگۆڕکراو، کە ئەو تاک دەبێتەوە بە بابەتێکی وێژەی فراوان.

ڕێڕەوی ئەو لە لابردنی ئیسناددا، هەروەها هێنانەوەی کورتە هۆنراوە لەسەر زمانی پاڵەوانەکان بە راستەوخۆ، یارمەتی داوە بۆ دروستبوونی وێنەی داستان بە تەواوی و ڕەچاوکردنی شێوازی چیرۆکی زنجیرەی.

ئیبنو حوبەیش :

ئەبوقاسمی عەبدوڕەحمانی کوڕی موحەممەدی ئەنصاریی (٥٠٤ـ ٥٨٤ك) لە میریە لە دایکبووەو قورئانی تەواو کردووە، دواتر زانستەکانی فیقھ و وێژەو عەرەبی فێربووە، لە ساڵی (٥٣٠ك) ڕۆیشتووە بۆ قوڕتوبەو سوودی لە زاناکانی وەرگرتووە، لە ساڵی ٥٣٤ك گەڕاوەتەوە بۆ میریەو تیایدا ماوەتەوە تاکو ئەو کاتەی ڕۆمەکان دەست دەگرنە سەر ناوچەکەو ئیبنوحوبەیش بە دیلی دەستگیر دەکرێت، لە ساڵی (٥٤٢ك) ئازاد دەکرێتو دەچێت بۆ مەرسی یە، لەوێشەوە دەچێتە دوورگەی شەقەرو پلەی قازێتیی دەدرێتی تاکو ساڵی (٥٥٤ك) دواتر وتاربێژی مزگەوتی مەرسیەی پێ سپێردراوە، پێش ئەوەی ببێتە قازیی لەوێ لە ساڵی (٥٧٥ك) لە سەردەمی یوسفی کوڕی

١) عبدالعزيز البيتي: ابن اعثم الكوفي، منهجه وموراده عن خلافة أبي بكر الصديق رضي الله عنه ل١٣٩.

عەبدولمۆئمین (٥٥٨ـ ٥٨٠ك) لەم ساڵەدا و لە تەمەنی حەفتا ساڵیی دەستی کرد بە دانانی کتێبی (الغزوات الضامنة الكافلة والفتوح الجامعة الحافلة والكائنة فى أيام الخلفاء الائمة الاول الثلاثة أبي بكر الصديق وأبي حفص الفاروق وأبي عمرو ذي النورين)، لە مەرسیە و هێشتا قازیی دەبێت کۆچی دوای دەکات.

ئیبنوحوبەیش بە دادپەروەریی‌و دوورکەوتنەوە لە خراپە باسکراوە، هەروەها بە زبری‌و توندوتیژی لە فەرماندا، مێژوویش یەکێك نەبوو لەو زانستانەی کە خوێندبوونی وەك (قراءات)و فەرموودەو زمانەوانیی‌و نامۆ، کتێبی (الغزوات)ی دانەناوە بە فەرمانی سەرکردەی موەحیدەکان نەبێت، یوسفی کوڕی عەبدولمۆئمین کە کردبووی بە قازیی سەرەڕای ئەوەی کە مالیکیی مەزهەب بوو، موەحیدەکانیش دژایەتی ئەوانیان دەکرد، لەوانەشە گەورەی تەمەنی‌و لاوازیی نیازی هۆکاری دانانی بن وەکو داوەریی‌و هەروەها ستایش کردنی بۆ موەحیدەکان کە وەسفی (ابن تؤمرت)ی کردووە بە پێشەوای پارێزراوو مەهدیی ئاشکرا، بەڵام دواکەوتنی لە دانانی کتێبی (المغازی) ئەوە ناگەیەنێت کە بایەخی نەداوە بە هونەری مێژوو، چونکە ژمارەیەك لە مێژووی ئەندەلووسێکانی نووسیوەتەوە، وەکو ئیبنوحەیان‌و خەشنیی و عەیاز، ئەوانەی گێڕاوەتەوەو قسەی لەسەر کردوون.[1] ئیبنو شەهبە تەنها کەسێك بووە بە ڕاشکاوی ئاماژەی بە لێهاتووی ئیبنو حوبەیش کردووە لە بواری مێژوودا، لەوانەشە مەبەستی پیاوانی زانستی فەرموودە بێت، بۆ ئەوەی قسەکەی بگونجێ لەگەڵ ڕاوبۆچوونی زاناکانی تر،[2] گرنگیی کتێبی (الغزوات الضامنة) لەوە دەردەکەوێت کە لە هەندێ سەرچاوەی ونبوو زانیاری وەرگرتووە سەبارەت بە بابەتی پاشگەزبوونەوەو فتوحات، گرنگترینیان کتێبی (الردة)ی واقیدی‌و کتێبی یەعقوبی کوڕی موحەممەدی زوهریی (٢١٣ك)و کتێبی (فتوح الشام)ی سەعیدی کوڕی فەزڵ (لە کۆتای سەدەی دووەمی کۆچی وەفاتی کردووە)و کتێبی (الردة والفتوح)ی سەیفی کوڕی عومەری تەمیمیی (١٧٠ك)، هەروەها زیادکردنەکانی ئاشکرایە لە بواری بەڵگەنامەو نووسین‌و نامە ئاڵوگۆڕپێکراوەکان‌و هۆنراوە کە تاك بووەتەوە لە باسکردنی هەندێکیاندا، هەر بۆیە بە سەرچاوەیەك لە جیاتی سەرچاوە سەرەکی یە ونبووەکان لەمەڕ بابەتەکانی (الردة والفتوح)، بەڵام دادەبەزێت بۆ ئاستی سەرچاوەی لاوەکیی لە بابەتەکانی تر.

---

١) طلال بن مسعود الدعجاني: پێشەکییەکی بۆ کتێبی (الغزوات الضامنة) ل٣١٠٣.

٢) سەرچاوەی پێشوو ٣١٠٥.

کولاعیی :

ئەبو رەبیع سولەیمانی کوڕی مووسا (٥٦٥ـ ٦٣٤ك) فەرموودەناس‌و (حافظ) و متمانە پێکراوە، خەڵکی ئەندەلووسە، لە سەردەمی موەحیدەکان ژیاوە (٥١٥ـ ٦٦٨ك) لە شاری بەلەنسیە، گەشەکردنی زانست لەوێ کاریگەریی هەبوو بۆ ئاراستەکردنی بەرەو فێربوونی زانست‌و دواتر کتێب دانان، ململانی نێوان موسڵمانان‌و گاورەکان لە ئەندەلووس هانیدا بۆ بەشداریکردن لە رووداوە جیهادی یەکاندا، لە ئەنجامدا لە شەڕێکدا لە نزیك بەلەنسیە لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا شەهید بوو، هەڵگری ئاڵای ئیسلام بوو لەو جەنگەدا.

کولاعیی دادوەری گرتە دەست لە شاری بەلەنسیە، کە خۆی زانایەکی مالیکیی بوو، لاپەڕەی دادوەریشی بە دادگەریی‌و چاکەو باسی باشە ناسراوە، هەروەها ئەو پێشنوێژو وتاربێژیی مزگەوتی بەلەفسیەی گرتە ئەستۆ، ناونیشانی کتێبەکانی کە بریتین لە نۆ کتێب لە فەرموودەو شەش کتێب لە زانستی ژیاننامەی پیاوانی فەرموودە، دە کتێب لە وێژەی (نامەو وتارو هۆنراوە)و یەك کتێب لە(المغازي)،ئاماژە دەکەن بۆ شێوەی رۆشنبیری یەکەی کە کۆی کردووە لە نێوان فەرموودەو مێژوو وێژە، سەرەڕای ئەوەش کە قازیی بووە، هیچ کتێبێکی دانەناوە لە فیقهـ و فەتواو دادوەریی، تەنها کتێبێکی ئەومان پێگەیشتبێت کتێبی (المغازي)یە، کە باسی سەردەمی خیلافەتی راشیدە دەکات تا کۆتای خیلافەتی عوسمان (رەزای خوای لێبێت).

لەم کتێبەیدا سوودی لە پوختەی ئیبنوهیشام وەرگرتووە بۆ کتێبی (المغازي) موحەممەدی کوڕی ئیسحاقی موتتەلیبی[1] (١٥١ك)، کتێبی (المغازي) واقیدیشی پشتگوێ خستووە، سەرەڕای ئەوەی کە شارەزای بووە دەربارەی،[2] وتوویەتی: (بەڵام بۆم دەرکەوتووە زۆرجار قسەکانی وەکو ئیبنوئیسحاقە، بۆیە وازم لی هێنا لە پێناو زمانپاراوی ئیبنوئیسحاق).

یەکێ لە کارەکانیشی ئەوەبوو ریوایەتی ئیبنوئیسحاقی پوختە کردەوەو پاراوی کرد لە زۆرێك لە زمانەکان‌و رەچەڵەك‌و هۆنراوەکان.[3] سەبارەت بە بابەتی (الفتوح) کەڵکی لە کتێبی (الردة والفتوح)ی سەیفی کوڕی عومەری تەمیمیی (١٨٠ك) و کتێبێکی عوسمان سەعیدی کوڕی فەزڵ

١) الكلاعي: مقدمة الاكتفاء لوحة١.

٢) سەرچاوە پێشوو لوحە ٢.

٣) الكلاعى: الاكتفا لوحە ٤.

(لە کۆتای سەدەی دووەم لە دونیا دەرچووە)، هەروەها لە کتێبی (فتوح الشام)ی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای ئەزدیی بەصرەی (لە سەدەی دووەمی کۆچی وەفاتی کردووە)، هەروەها لە موحەممەدی کوڕی عومەری واقیدیی (٢٠٧ك)و عەلی کوڕی موحەممەدی مەدائینی (٢٢٥ك)و (التأريخ الكبير)ی ئیبنو ئەبی خەیسەمە (٢٧٩ك) و کتێبی (أخبار المدينة)ی زوبێری کوڕی بەککار (٢٥٦ك)و مێژووی تەبەریی[1] (٣١٠ك) خۆیشی بە راشکاوی ئەوەی ئاشکرا کردووە لە کتێبی مامۆستاکەی ئەبو قاسمی کوڕی حوبەیش بەناونیشانی (الغزاوت الضامنة)[2] زانیاریی وەرگرتووە.
رێبازی ئەویش ئەوە نەبووە کە وەکو خۆی زانیاری یەکان بگێڕێتەوە، بەڵکو زۆر کات دەستکاریی دەکات وەکو لابردنو پێکەوە بەستنو پوختەکردنو نزیك کردنەوە، رێبازی نووسینیش لەوە رونترە کە پێویست بکات توێژەرەوە خۆی ماندوو کات بە مەبەستی لێتێك نەگەیشتنی، کتێبەکەشی بەشێوەیەکی زۆر بەشداری لە پاراستنی ریوایەتە هەمە جۆرەکان کردووە، جگە لە هەندێ گواستنەوەی گرنگ لە نووسەرەکانی دیکەو ئەو نامانەی خەلیفە ئاراستەی سەرکردە سەربازی یەکانی کردووەو بە پێچەوانەوە، کە لەوانەیە لە سەرچاوەیەکی تر بەرچاومان نەکەوێت.[3]

موحیببی تەبەریی (٦٩٤ك):

کتێبی (الرياض النضرة في مناقب العشرة) تیایدا پشتی بەستووە بە هەندێ سەرچاوەی ونبوو وەکو (السيرة)ی مەلائیو ئیسنادەکانی لابردووە، لیستێکی تازەشی خستووەتە روو لە سەرچاوە لە نێوەڕۆکی کتێبەکەی، نووسینەکانی هیچیان نەخستووەتە سەر ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستماندایە.[4]

موحەممەدی کوڕی یەحیای ئەشعەریی مالیکیی ـ ئیبنوبەکر ـ (٧٤١):

کتێبی (التمهيد والبيان في مقتل الشهيد عثمان) وەختە ببێتە پوختەیەك بۆ ریوایەتەکانی سەیفی کوڕی عومەری تەمیمیی و زۆربەشی لە مێژووی تەبەریدایە، بەڵام دانەر وا پیشان دەدا کە لە کتێبەکەی سەیفەوە راستەوخۆ وەردەگرێت، جا لەوانەیە چاوی پێکەوتبێت.[5]

---

١) جمال محمد صادق القاضي: فتوح الشام من كتاب الاكتفا ١٤٢، ١٥٠، ١٥٣.

٢) الكلاعي: مقدمة الاكتفا لوحة٤.

٣) خورشيد أحمد: تأريخ الردة ١١.

٤) محمد عبدالله الغبان: فتنة مقتل عثمان بن عفان رضي الله عنه، ل٢٠ (ماستەرنامەیەکە لە زانکۆی ئیسلامیی لە مەدینە بە سەرپەرشتی ئەکرەم ئەلعومەریی).

٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢١.

(إبن كثير):

کتێبی (البداية والنهاية) بە ئینسکلۆپیدیایەکی مێژووی گشتگیر دەژمێردرێت، کە تیایدا دانەر مێژووی سەرەتای بوونەوەرو پێغەمبەرانو عەرەبی پێش ئیسلامی نووسیوە، هەروەها بە تێروتەسەلو بە شێوەیەکی فراوان باسی سەردەمی پێغەمبەر ﷺی کردووەو متمانەی کردووەتە سەر کتێبی (سيرة إبن هيشام) لە رێگەی بەککائیو ژمارەیەکی تر لە گێڕەرەوانی سیرە، لەوانە: ئیبنوئیسحاق و وەکو یونسی کوڕی بەککیر (لە رێگەی بەیهەقی و ئیبنو عەساکیرەوە) کە هەندێ زیادەی هەیە لەسەر سیرەی ئیبنو ئیسحاق، هەروەها (یەحیای کوڕی سەعیدی ئومەویی) لە رێگەی (مقازی) سەعیدی کوڕی یەحیای کوڕی سەعدی ئومەویی)و سەلەمەی کوڕی فەزڵ (لە رێگەی تەبەریی).[1]

بەم شێوازەش دانەر توانی وێنەیەك دروست بکات بۆ رووداوەکانی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ فراوانتر لە سیرەی ئیبنو هیشام، بێجگە لە تێبینی یە رەخنەی یە گرنگەکانی دەربارەی ئیسنادو ناوەرۆکی ریوایەتەکان، ئەوەش وا دەکات (إبن كثير) بچێتە پێشەنگی ئەوانەی بە رێبازی رەخنەگری مێژووی کاریان کردووە.

سەبارەت بە سەردەمی راشیدەکان، بە شێوەیەکی سەرەکیی متمانەی کردووەتە سەر مێژووی تەبەریی، بەڵام لە بابەتی ژیاننامەدا هەندێکی خستۆتە سەری، لە کتێبی (تأريخ الاسلام)ی پێشەوا زەهەبی، بەتایبەتی لە مێژووی مردنەکان (الوفيات).

گرنگیی راستەقینەی ئەم سەرچاوەیە بۆ مێژووی سەرەتای ئیسلام، دەگەڕێتەوە بۆ فراوانیی بازنەکەیو دەرکەوتنی سەرتاکانی رەخنەگری مێژووی، زیاتر لەوەی کە دەقە مێژووی یە سەرەتاکانی پاراستبێت، چونکە سەرچاوەکانی (إبن كثير) بۆ ئەو ماوەیەو پێشەوەی، یەکجار سنووردارە، ئەمە جگە لەوەی کە چاپکراون وەکو (تأريخ إبن عساكر)و (دلائل النبوة)ی بەیهەقیو تەبەرییو ئیبنوهیشام) لە وەرگرتنی ریوایەتی دێرینەکان لەو کەسانەی کە مێژوویان گەیاندوە، وەکو عوروەی کوڕی زوبێرو زوهرییو موسای کوڕی عوقبەو موحەممەدی کوڕی ئیسحاقو ئەبومەعشەری سیندییو واقیدییو سولەیمانی کوڕی تەرخانو عەلی کوڕی موحەممەدی کوڕی سەعدو یەعقوبی کوڕی سوفیان، بەم شێوەیەش دەکرێت بە سەرچاوەیەکی لاوەکی دابنرێت سەبارەت

١) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بە لێکۆڵینەوەی سەرەتای بوونەوەرو مێژووی پێغەمبەرانو سەردەمی پێغەمبەر ﷺ و راشیدین، چونکە ئەو سەرچاوانەی پشتی پێبەستوون چاپکراون، بەڵام وەکو سەرچاوەیەکی (بدیل) هەردەمێنێ بۆ ئەوانە کە ونبوونە وەکو کتێبی (صفین)ی ئیبنو دیزیلو کتێبی (مغازی) سەعیدی کوڕی یەحیای ئومەویی، چونکە (إبن كثير) هەندێ ریوایاتی لە ئەو دوو کتێبە پاراستووە (٦٦ دەق) لە (مغازي) سەعیدی ئومەویی.

سەبارەت بە (علم الرجال)و رەخنەگری ئیسناد، پشتی بەستووە بە کتێبی (التكميل في الثقات والضعفاء والمجاهيل) کە ئەویش بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بەستووە بە کتێبی (تهذيب الكمال)ی میززی مامۆستای و (ميزان الاعتدال)ی زەهەبی مامۆستای، لەگەڵ چەند زیادەیەك کە لە سەرچاوەی دیکەوە وەریگرتووە.

لەوانەشە ئەو فەرموودانەی کە هێناونێتی یەوە لە (البداية والنهاية) کە موسنەدی ئەحمەد و هەردوو کتێبی بوخارییو موسلیمو سەرچاوەکانی تری فەرموودەی پێشخستووە، پشتی بەستبێت بە کتێبی هەرە گەورەی (جامع المسانيد)، هەندێ جاریش هەواڵەی کردووە بۆ کتێبێکی خۆی بە ناوی (الاحكام الكبرى) کە لەوێ بە شیکراوەی باسی لە رەخنەگریی فەرموودە کردووە.

وایش دەردەکەوێت کە (إبن كثير) سەرقاڵی دانانی چەند کتێبێك بووە لە یەك کاتدا، لەوەشدا بابەتو ریوایەتە هاوبەشەکان یارمەتیداون، بێگومان سەرچاوە دیاریکراوەکانی کە شارەزایان بووە، بابەتی سەرچاوە سەرەکی یەکانی بە چڕیی بۆی دەستەبەرکردووە کە پتر لە (٢٠) کتێبە.

(الذهبي):

کتێبی (تأريخ الاسلام ـ عصر الخلفاء الراشدين) بە سەرچاوەیەکی لاوەکی دەژمێردرێت، نیسبەت بە ئەو برە زۆرەی پێمان گەیشتووە لە کتێبەکان کە سوودمەند بووە لیان، وەکو (سيرة ابن هشام)و (طبقات ابن سعد)و (صحيح البخاري)و (صحيح مسلم)و (موطأ مالك)و (سنن أبى داود)و (سنن الترمذي)و (سنن النسائي)و (مسند أحمد)و (تأريخ خليفة بن خياط وطبقاته) و (مغازي الواقدي)و (تأريخ الطبري)، بەڵام بەرز دەبێتەوە بۆ ئاستی سەرچاوەی (بديل)، کاتێك لە هەندێ کتێبی ونبوو زانیاریی دەگێڕێتەوە وەکو (مغازي) عوروەو مەغازی ئیبنو شیهابی زوهریی (گێڕەرەوەی موقری)و (مغازي) موسای کوڕی عوقبە، کتێبەکانی عەلی کوڕی موحەممەدی مەدائینییو (الردة الفتوح)ی سەیفی کوڕی عومەری تەمیمییو کتێبەکانی هیشامی کەلبیو (تأريخ نيسابور)ی حاکم، ئەو

ریوایەتگەلێکیش دەگێڕێتەوە لەو کتێبانەی کە مافی (السماع والاجازە)ی هەبێت، ئیسنادی دانەرەکانیش هەتا کۆتای باس دەکات (وەکو شایەتحاڵێك لە هاوەڵانو شوێنکەوتوانیان)، جارجارەش ئیسنادەکان کورت دەکاتەوە، یان سەرتاکەی لادەباتو تەنها باسی کۆتای یەکەی دەکات، بەڵام سەنەدی خۆی بۆ دانەرەکە هەمیشە پشتگوێ دەخات بە مەبەستی کورتکردنەوە... ئینجا کتێبەکەی لەسەر ساڵەکان ڕێکخستووە، باسی ڕووداوەکانی ئەو ساڵە دەکاتو دواتر ژیاننامەی ژمارەیەك لە هاوەڵان باس دەکات کە لەو ساڵەدا لە دونیا دەرچوون.

٢- کتێبەکانی فەرموودە:

دوو کۆمەڵی گرنگ هەن لە کتێبی فەرموودە، یەکەمیان ڕێکخراوە لەسەر بابەتەکان، دووەمیش لەسەر موسنەدی هاوەڵەکان.

ئەم دوو کۆمەڵە ئەو فەرمودانەیانە لە خۆگرتووە کە بە ئیسنادی دانەرەکانیان دەگاتە پێغەمبەر ﷺ و بابەتی بیروباوەڕو شەریعەتو ئادابو (فضائل)و (رقائق)و هەندی بابەتی تری لە خۆگرتووە، وەکو هەواڵی مێژووی پەرشو بڵاو، بەڵام لە کتێبی (مغازي) بە چڕی زیاتر لە چەند دانراوێکی فەرموودەی ڕێکخراو لەسەر بابەتەکان دەبینرێت، ئەمە لە کاتێکدا ریوایەتەکانی سەردەمی خیلافەتی راشیدە بڵاوەی کردووە لە چەندین بەشو کتێبی جیاجیادا، لەوانە (فضائل الصحابة)و (الفتن والجهاد)و (قصة الشورى)... سەرەڕای کورتی کە بە فەرموودەکانەوە تێبینیی دەکرێن، بەڵام جاری وا هەیە وردەکاریی زۆری تیا بەدی دەکرێت، جگە لەوەش بەشێکی زۆری هەوڵ و کۆششی ڕەخنەگری ناوازەی بۆ کراوە بە تایبەتی لە هەردوو صەحیحی بوخاریی‌و موسلیمدا، بە پلەیەك نزمتریش بۆ صەحیحی ئیبنو خوزەیمەو ئیبنو حیبانو موستەدرەکی حاکیم دوای شەش کتێبەکە، کە ئەوانیش شانسدار بوون لە پوختەکردنو وردبینی، بێ ئەوەی هەوڵەکان کورتکرابێتنەوە سەر صەحیح، وەکو سونەنی ئەبوداودو نەسائیو تیرمیزییو ئیبنوماجە، ئەمجا سونەنی دارمییو دارەقووتنییو سەعیدی کوڕی مەنسورو بەیهەقیی، هەروەها موستەخرەجی ئەبو عوانەو ئەبو نوعەیمو ئیسماعیلی بەرقانیی.

سەبارەت بەو کۆمەڵەش کە دەناسرێن بە (مجموعة المسانيد الحديثية) موسنەدی ئیمامی ئەحمەد لە سەرووی هەموویانەوە دێت، لە رووی دێرینییو فراوانییو بایەخدان بە هەواڵەکانی سەردەمی

خیلافەتی راشیدین، ئەمجا موسنەدەکانی ئیسحاقی کوڕی راهەوەیە و بەزازو تەیالیسی، پێویستە لێرەش ئاماژە بکەین بۆ گرنگیی فەرهەنگیی تەبەرانیی گەورەو هەردوو موسەننەفی عەبدوررەزاقی کوڕی هومامو سەنعانییو ئیبنو ئەبی شەیبە، سەبارەت بە (المصنف)ی سەنعانی (١٢٦ـ ٢١١ك) بە گەورەترین کۆکەرەوە دەژمێردرێت، ئیسنادەکانی بەرزن، هەواڵە مێژووی یەکان زیاتر لە "کتاب المغازی"دایە،[١] سەبارەت بە باسەکانی سەردەمی راشیدین بڵاوەی کردووەو لەیەك جێگادا نی یە، کتێبی (المصنف فی الاحادیث والآثار)ی ئیبنو ئەبی شەیبە (٢٣٥ك) کە فەرموودەناسو (حافظ)و متمانەپێکراو[٢] بووە (٣٧٤٣) فەرمودەو شوێنەواری لە خۆگرتووە، ڕێکیشخراوە بە پی باسە فیقهی یەکان، لە دوو توێشیدا فەرمووەدەی (صحیح)و (حسن)و (ضعیف)و (واهي) تیادا هەیە، رێژەی (صحیح) لەو ریوایەتانەی کە باس لە کاروباری دارای دەکات لە خیلافەتی عومەر رەزای خولی لێبێت دەگاتە (٢٢٪) لە کۆی ریوایەتەکان کە ژمارەیان دەگاتە (١٥٠) ریوایەت.[٣]

ریوایەتەکانیش بە ئیسنادەوەیەو زۆربەی پیاوانیشی هەمان پیاوانی شەش کتێبەکەن،[٤] بابەتی مێژووی لە کتێبی (المصنف) خۆی لە (کتاب التأریخ والجمل، وصفین، والخوارج، والمغازي) دەبینێتەوە.

جێگای خۆشێتی باسی بکەین لە کتێبی (فتح الباري شرح صحیح البخاري) ئیبنوحەجەری عەسقەلانیی (٨٥٢ك) کە دانراوێکی گەورەیە لە (٨١٥٦) لاپەڕەدایە، دانەری رێکخستووە بە پی رێکخستنی صەحیحی بوخاریی، لەسەر دەرکە فیقهی یەکان، بۆیە بابەتە مێژووی یەکەی بڵاوەی کردووە، ناشکرێت هەڵسەنگێنرێتو بایەخیان بزانرێت تاکو کۆنەکرێتەوەو لەسەر بنچینەی مێژووی ریز نەکرێت، دوو کەس لە توێژەرەوان هەڵساون بەم ئەرکە، دوو لێکۆڵەرەوە کە بازنە فراوانی بابەتە مێژووی یەکان لە (فتح الباري) دەردەخات، رێگای پێداچوونەوەش خۆش دەکات بە پێڕستی شیکراوە، ئەو کتێبخانە کولتووریە قەبەیەش دەردەخات کە ئیبنو حەجەر زانیاری یەکانی

١) بڕوانە بەرگی پێنجەم ٣١٣ـ ٤٩٢.

٢) إبن حجر: تقریب التهذیب ١ : ٤٤٥.

٣) عبدالسلام محسن آل عیسی: النواحي المالیة في خلافة عمر ل٣١.

٤) عبدالحمید علي ناصر: خلافة علي بن أبي طالب ص١١ (ماستەرنامەیەکە بەسەرپەرشتی ئەکرم عومەری).

لێوەرگرتووە،[1] ئەوانەش کتێبی فەرموودەو تەفسیرو (فقه)و مێژوو (رجال)و ڕەچەڵەکناسیو هەواڵو وێژەیە، زۆرجاران هەواڵە دەکاتە سەر ناوی دانەرەکان، بێ ئەوەی باسی ناونیشانی کتێبەکانیان بکات، بە دەگمەن خوێنەر هەواڵە دەکاتە سەر دانەرو کتێبەکەی پێکەوە.[2] جاری واش هەیە دەقەکە وەکو خۆی لە سەرچاوەکە وەردەگرێت، یان ماناکەی دەهێنێت، یان کورتیان دەکاتەوە، ئەوەش گرنگیی زۆری هەیە لە چارەسەرکردنی کێشەی دەقەکان لە ڕێگەی کۆکردنەوە لە نێوانیاندا، ئەگەرنا یەکێکیان پێشدەخاتە سەر ئەویتریان، هەروەها گرنگیی لەوەدایە کە ئیبنوحەجەر بڕیار دەدا لەسەر ریوایەتەکان بە (تصحيح)و (تحسين)و (تضعيف)، جگە لە بەدواداچوونە هەمە جۆرەکانی لەسەر ئەو دانەرانەی لیان وەردەگرێت.

بیگومان هەندێ لەو کتێبانەی کە ریوایەتگەلێك دەهێنێت مۆرکێکی فیقهی پێوە دیارە، زانیاریی گرنگ پێشکەش دەکەن دەربارەی سیستمی ئیسلامی دارایو کارگێڕی لە سەردەمی خیلافەتی ڕاشیدە، لە سەروشیانەوە کتێبی (ألأموال)ی ئەبوعوبەید قاسمی کوڕی سەلام (٢٢٤ك)، کە گرنگترین سەرچاوەیە باس لە سیستمی دارای بکات لە سەرەتای ئیسلام، باسی جۆرەکانی ماڵو سەروەت دەکات وەکو دەستکەوتەکانی (الغنائم والصفايا والفيئ)و مامەڵەی ناوچە والآکراوەکانو ئەو ماڵانەی بە پی ڕێککەوتننامە بە دەست دەهات و هەروەها بەخشینو خەڵاتو ئەو موڵکانەی دەدرایە کەسانێکی دیاریکراوو پێنج یەكو زەکات، ئیسنادی ریوایەتەکانیشی باسکردووە.

عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەری دوروسنەوەی وا بۆی دەچێت کە کتێبی (ألأموال) باشترین کتێبە نووسرابێت لە بوارە فیقهی یەکاندا، بۆچوونیشی وایە کە ئەبوعوبەید راوبۆچوونەکانی هەردوو مەزهەبی مالیکیو شافیعی ڕەچاو کردووە،[3] بەڵام تەبەرییو ئیبنو سورەیج بۆچوونێکی تریان هەیە، پرسیاریان لێکرا دەربارەی کتێبە فیقهی یەکانی ئەبوعوبەید، وتیان: هیچ نی یە، نابینین کتێبی (ألأموال)ی کە باشترین کتێبێتی چۆن بنیاتی ناوە لەسەر بابەتی نارەسەن، شتی هەڵەشی کردووە، بە بەڵگە.

---

١) يحي بن إبراهيم اليحي: الروايات التأريخية في فتح الباري ـ الخلافة الراشدة والدولة الاموية ـ کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوە (نامەیەکی دکتۆرایە لە زانکۆی ئیسلامیی لە ساڵی ١٤١١ك بەسەرپەرشتی ئەکرەم عومەری). محمد الامين الشنقيطي: السيرة النبوية في فتح الباري (نامەیەکی دکتۆرایە لە زانکۆی ئیسلامیی ساڵی ١٤١٣ك بە سەرپەرشتی ئەکرەم عومەری).

٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

٣) الخطيب: تأريخ بغداد ١٢: ٤٠٥.

ئەمجا وتیان: ئەو کەسانە شیاوی ئەوتۆ کارێك نین، بەلای زۆرەوە زمانەکەیان هەیە، ئەگەر فیقهت دەوێت برۆ بەلای کتێبەکانی شافیعیو داوودو هاوتاکانیان.[1]

رێژەی ریوایەتی (صحیح)و (حسن) بەرانبەر کۆی ئەو ریوایەتانەی کە پەیوەندیان هەیە بە ژیانی ئابووری یەوە لە خیلافەتی عومەر (رەزای خوای لێبێت) (٣٥٪)ە.[2]

کتێبێکی تر کە شایانی ئاماژە پێکردنە (شرح معانی الآثار)ی ئەبوجەعفەر ئەحمەدی کوڕی موحەممەدی کوڕی سەلامەی ئەزدیی حەنەفی یە (٣٢١ك)، کە هەندێ پێشینەی فیقهی روون دەکاتەوە دەربارەی خیلافەتی راشیدە.

ئەم سەرچاوە سەرەتایانە ریوایەتی رەسەنمان پێشکەش دەکەن دەربارەی سەردەمی خیلافەتی راشیدە، گومانیش نی یە کە هەندێ سەرچاوەی لاوەکی هەن هەر قسەکانی ئەوان دووپات دەکەنەوە، بە دەگمەن شتیکی تازە دەربارەی ئەو سەردەمە پێشکەش دەکەن، هەر چەند دەوڵەمەند دیارن لە رووی زانیاریی سەردەمەکانی تر، وەکو (الکامل فی التأریخ)ی ئیبنولئەسیر (٦٣٠ك)و (البدایة والنهایة)ی (إبن کثیر)، بەلام سەرچاوەیەکی درەنگ دانراو هەیە ئەویش (تأریخ الاسلام)ی ئیمامی (الذهبي) (٧٤٨)، کە شایستەی ئەوەیە ئاماژەی پێبکەین، چونکە لە هەندێ سەرچاوەی سەرەتای ونبوو زانیاری یەکانی وەرگرتووە، بۆیە بووەتە سەرچاوەیەك لە جیاتی ئەوان، هەروەها بە هۆی ئەوەی کە بڕیاری (تصحیح)و (تضعیف)ی لەسەر ژمارەیەکی زۆری ریوایەت گرتووەتە ئەستۆ، زەهەبیش رەخنەگرێکی گەورەیە، بیروڕاشی بایەخی یەکجار زۆری هەیە، چونکە ئەو - وەکو وتراوە - توانای خوێندنەوەو تێگەیشتنی تەواوی هەیە، ئەو بە ئەنقەست ئیسنادە (معلق)ەکانی هێناوەتەوە، ئەوەندەی پێویست زانیوە ئیسنادانێك بهێنێ لە یەك کەس بۆ پێنج کەس پێکهاتبێت، زۆرجاریش بە دانەرێك یان زانایەك پێکدێت وەکو عوروەو زوهرییو وەلیدی کوڕی موسلیمی دیمەشقیو موسای کوڕی عوقبەو موحەممەدی کوڕی ئیسحاقو هیشامی کوڕی عوروەی کوڕی زوبێرو موحەممەدی کوڕی عومەری واقیدیو خەلیفەی کوڕی خەیاتو موحەممەدی کوڕی جەریری تەبەریی، بەوەش رانەوەستا

---

١) الذهبي: سير أعلام النبلاء ١٣: ١٠٢، ٣٠١.

٢) عبدالسلام محسن آل عيسى: النواحي المالية في خلافة عمر بن الخطاب، ل٢٦ (ماستەرنامەیەکە بەسەرپەرشتی ئەکرەم عومەری).

کە زانیاریی لە کتێبەکانی مێژوو و ژیاننامەکان وەربگرێت، بەڵکو لە شەش کتێبەکەو کتێبەکانی تری فەرموودەش زانیاریی وەرگرتووە.

بۆ یەکەمجاریش وا دەردەکەوێت کە زەهەبی سوودی لەو کتێبانە وەرگرتووە بە ڕێگەی (وَجادة)، بەڵام کەسی وردبین پێشبینی دەکات کە ئەو مافی ریوایەتو گێڕانەوەی زۆرێك لەو کتێبانەی هەبێت لە ڕێگەی بیستن لە زانایان (السماع) یان وەرگرتنی مۆڵەت (إجازه).

٣ـ كتب علم الرجال:

کتێبەکانی ئەم زانستە ژیاننامەی گێڕەرەوانی فەرموودە دەگێڕێتەوە، لەوانەش هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ، کە بریتین لە نەوەی سەردەمی خیلافەتی راشیدە، ئەوان بوون پاڵەوانێتی مێژوویان دروست کردو ئەو سەروەریانەیان بەدیهێنا کە خۆی لە یەکڕیزی نەتەوەو پەروەردەکردنیان لە ژێر ڕۆشنای چەمکی ئاشکراو ڕێکخستنیان لە رووی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریی، بێگومان کتێبەکانی ناسینی هاوەڵا ن ـ کە یەکێکە لە لقەکانی (علم الرجال) ـ بە گرنگترین ئەو سەرچاوانە دەژمێردرێن کە دەوڵەمەندمان دەکەن بە رووبارێك لە زانیاریی دەربارەی ئەو کەڵەپیاوانە.

کتێبی (فضائل الصحابة)ی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلو (معرفة الصحابة)ی ئەبو نوعەیمو (الاصابة في تميز الصحابة)ی حافظ ئیبنو حەجەر لە سەروو ئەو کتێبانە دێنە ئەژمار، بەڵام کتێبی (فضائل الصحابە)ی پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل (٢٤٠ك) ژیاننامەی خەلیفە راشیدینەکانی بە چڕی باس کردووە، ژمارەی ئەو ریوایەتانەیش پەیوەندیان هەیە بە ئەبوبەکری صدیق (ڕەزای خوای لێبێت) دەگاتە (٥٠٠)، هەندێ زانیاریی گرتووەتەوە خۆی لە سەردەمی نەفامی تاکو کۆچی دوای، لە نیوەشی زیاتر پەیوەندیی هەیە بە چاکەو هەڵوێستە پڕشنگدارەکانی،[1] زۆربەی ریوایەتەکانی ئەم کتێبە راستەو گونجاوە لەگەڵ پێوەری فەرموودەناسان، بەڵام ڕێژەی (صحيح) لە زیادەکانی عەبدوڵلای کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەمبەلدا کەمە، لە لایەکی تریشەوە لاوازیی زاڵە بەسەر زیادەکانی قەطیعی.[2]

---

١) عبدالعزيز سليمان المقبل: خلافة أبي بكر الصديق رضي الله عنه ـ دراسة نقدية للروايات باستثناء حروب الردة، ل١٦ (ماستەرنامەیەکە بەسەرپەرشتی ئەکرەم عومەری).

٢) وصي الله محمد عباس: مقدمة فضائل الصحابة١: ٤١.

سەبارەت بە کتێبی (معرفة الصحابة)ی ئەبو نوعەیمی ئەصفەهانی (٣٣٦ـ ٤٣٠ ك) یەکێکە لە چاکترین کتێبەکانی ناسینی هاوەڵان، ئەو بارودۆخە بۆ ئەبونوعەیم رەخسا لە چاوپێکەوتنی گەورە زاناکان بۆ هیچ (حافظ)ێکی دی نەڕەخسا.[١]

ئەو پێشەوایەکی پێشڕەو و ئیسنادبەرز بوو، شارەزا بوو بە فەرموودەو رێگەکانی، ریوایەتی فراوان، مامۆستای زۆری هەبوو، خاوەنی کۆمەڵێ دانراویش بوو، توێژەرەوەیەکی هاوچەرخ (١٠٢) مامۆستاو (٥٨) قوتابیو (١٠٠) کتێبو نامیلکەی ئەبو نوعەیمی ژماردووە.[٢]

یەکێك لە گرنگی یەکانی ئەو کتێبە ئەوەیە کە ئەبونوعەیم ریوایەتەکان بە ئیسنادی تەواو دەگێڕێتەوە، ئەوەش هەلێك ساز دەکات بۆ رەخنەگرە شارەزاکان کە بتوانن بڕیار بدەن لەسەر سەنەدو ناوەرۆکەکەی.

یەکێك لە گرنگی یە نوێکانی ئەویە کە زۆر باسی فەرموودەو (علە)کانی دەکات، لەسەر ئەم هۆکارەیش (إبن کثیر) سەرزەنشتی کردووە، چونکە درێژە دەداتە باسی رەچەڵەکی کەسەکەو زانیاریی دەربارەی،[٣] ئەم رەخنەش لەوە سەرچاوە دەگرێت کە (إبن کثیر) وەك مێژوونووسێك دەڕوانێتە ئەبو نوعەیم نەك فەرموودەناس، ئەمە سەرەڕای ئەوە کە ئەبونوعەیم بە راشکاوی وتوویەتی کە تەنها فەرموودەیەك یان دوان یان زیاتری لە گێڕاوەی هاوەڵان باس کردووە، نەك هەموو ئەو فەرموودانەی لایەتی. ئەو کەسانەش کە فەرموودەیانی دەست نەکەوتووە ژیاننامەیانی دواخستووە[٤].

دانراوەکانی تر لە (علم الرجال) بە تایبەت کتێبەکانی (الجرح والتعدیل) زانیاریی وردمان دەدەنێ دەربارەی حاڵی گێڕەرەوەکان کە هەواڵەکانی سەردەمی خیلافەتی راشیدەیان پێمان گەیاندووە، جیایان دەکاتەوە بە دەستنیشانکردنی ناوو رەچەڵەكو ناوچەکانیان، هەروەها باسی ناوە لەیەك چووەکان دەکاتو پلەو پایەیان روون دەکاتەوە لە زانستو باریان لە رووی متمانە پێکردنو بە لاواز دانانو پەیوەندی یە زانستی یەکانیان بە مامۆستاو قوتابییەکانیان، ئەوەیش دەبێتە زانینی

١) الذهبي: تذكرة الحفاظ ٣: ١٠٩٣.

٢) محمد راضي عثمان: پێشەکییەکەی بۆ (معرفة الصحابة)ی ئەبونوعەیم ١: ٣٠ـ ٥٥ گرنگیی کتێبەکەو سەرچاوەکانی دانەرەکەی روون نەکردووەتەوە.

٣) إبن الاثير: أسد الغابة ١: ٥.

٤) بڕوانە: (معرفة الصحابة)ی ئەبونوعەیم، اكرم العمري: بحوث في تأريخ السنة المشرفة ٧١ـ ٧٢.

پەیوەندییو پچڕانی پەیوەندیی بە سەنەدی ریوایەتەکان، هەموو ئەم زانیاریانەش خزمەتی ڕەخنەگرتن دەکات لە سەنەدی ریوایەتەکان، هەروەها ڕەوتی بیروباوەڕو سیاسیان دەخاتە روو و هەلێکیش دەرەخسێنێ بۆ ڕەخنەگری هاوچەرخ، بۆ ئەوەی بزانێ ڕەوتی کەسەکە تا چەن کاریگەری هەیە لەسەر ئاراستەی ریوایەتەکە لە رووی شێوە و ناوەڕۆکەوە.

ئالێرەشەوە دەردەکەوێت کتێبخانەی ناسینی پیاوانی سەنەد چەند گرنگیی هەیە بۆ ڕەخنەگرتن لە بابەتی مێژووی، جگە لەوەی کە زانیاریی مێژووی بۆمان دەستەبەر دەکات.

لە راستیدا کارێکی ئاسان نی یە ئێمە باس لە ئەو هەموو دانراوانە بکەین بە شیکراوەی لەبەر زۆریان، بەڵام گرنگە ئاماژە بکەین بۆ کتێبی (تقریب التهذیب) ی ئیبنو حەجەر، چونکە پوختەی حوکمدانی تیایە بەسەر گێڕەرەوەکاندا، هەروەها بۆ بنچینەی ئەم کتێبەش کە (تهذیب التهذیب)ی ئیبنو حەجەر خۆیەتیو لەسەر ڕۆیشتنی وردی تیایە، هەروەها بۆ بنچینەی ئەم کتێبەش کە (تهذیب الکمال)ی (حافظ)ی میززیە، کە جودای هەیە بە دروستکردنی لیستی درێژو رێکوپێك بۆ مامۆستاو قوتابی یەکان، جگە لە گواستنەوەی وەکو خۆی لە سەرچاوە سەرەتای یەکان.

ژیاننامەکان زیاتر لە کامڵبوون نزیك دەبنەوە کاتێك کتێبی (إکمال تهذیب الکمال)ی (حافظ)ی موغلەتای یان بخرێتە سەر، چونکە تەواوکەری ئەو ریوایەتانەیە کە میززی پشتگوی خستووە، یان رێگای تیان نەکەوتووە، موغلەتای شارەزایەکی فراوانی هەیە لەسەر سەرچاوە سەرەکی یەکانو ئەوەی کە دەبێتە تەواوکەر بۆ زانیاریی لە گێڕەرەوەکان، هەرکەسێکیش بیەوێت شارەزای پەیدا بکات دەربارەی سەرچاوە سەرەتای یەکانی (علم الرجال) لەوانە ئەو ئارەزووەی لە توێژینەوە پسپۆڕە هاوچەرخەکاندا دەستبکەوێت،[1] پێویستیشە بۆ کەسێك بیەوێت هەڵسێ بە ڕەخنەگرتن لە ریوایەتەکان لەسەر رێڕەوی فەرموودەناسان، لێکۆڵینەوە بکات لە کتێبەکانی (مصطلح الحدیث) بە تایبەت (علم الجرح والتعدیل)و بنچینەکانی کۆکردنەوەو پێشخستن لە کاتی جیاوازدا.

کتێبی (میزان الاعتدال)ی زەهەبی، و (لسان المیزان)ی ئیبنوحەجەر، کە دوو کتێبی پسپۆڕن لە ناسینی لاوازەکان، لەگەڵ ئەوەش نابێت ئێمە حوکمی لاواز بوون بدەینە سەر هەموو ئەوانەی ژیاننامەیان لەوێ باسکراوە، چونکە هەندێ گێڕەوە هەن ڕەخنەگران قسەیان لەسەر لاوازکردنیان

١) بڕوانە: أکرم العمري: بحوث في تأریخ السنة المشرفة.

کردووە، بەڵام زەهەبی لە (الميزان) باسیکردوونو بەرگری لێکردوونو گەیشتووەتە ئەو دەرەنجامەی کە ئەوان جێگای متمانەن.

هەندێکی دیکەش هەن ناویان لە نێو ئەو کتێبانە نابینین، دەبێت پشکنین بکرێت دەربارەیان لە کتێبەکانی تری وەکو (الجرح والتعديل)ی ئیبنو ئەبی حاتیم، (الثقات)ی ئیبنو حیببانو (تعجيل المنفعة)ی ئیبنو حەجەر، ژمارەیەك گێڕەرەوەی تر هەن لە سەردەمی چوارەمی کۆچی، پێویستمان بە پێداچوونەوەی ژیاننامەکانیان هەیە لە کتێبی (تأريخ بغداد)ی خەتیب.

هەندێ لە گێڕەرەوە درەنگهاتووەکان (المتأخرون)ی سەدەی پێنجەمو شەشەم، لەوانەیە پێویستی زۆرمان نەبێت بە زانینی بارودۆخیان لە رووی لاوازیو متمانەپێکردن سەبارەت بەو ریوایەتانەی گێڕاویانەتەوە لەسەر سەردەمی خیلافەتی راشیدە، چونکە ئەوانە بە زۆری لە کتێبی تر زانیاریی دەگوێزنەوە، لێکۆڵینەوەش لە دانەری کتێب بۆ کۆتای سەنەد ئەنجام دەدرێت، ئەگەر دڵنیای دروست بوو لەسەر راستیی بنچینە دەستنووسەکان.

یەکێك لەو کتێبە گشتگیرانەی دانراون بۆ ناسینی هاوەڵان لە سەدە دواینەکانو بەناوبانگەو جێگای متمانەی خەڵکی یە (أسد الغابة في معرفة الصحابة)ی ئیبولئەسیری جەزەری یە (٦٣٠ك)و کتێبی (الاصابة في تميز الصحابة)ی ئیبنو حەجەری عەسقەلانی یە (٨٥٢ك).

سەبارەت بە کتێبی (أسد الغابة في معرفة الصحابة) پێنج بەرگەو دانەرەکەی کۆی کردووەتەوە لە نێوان هەندێ کتێب لە ناسینی هاوەڵان وەکو ئیبنومەندە و ئەبونوعەیمی ئەصفەهانییو موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکری ئەصفەهانییو ئیبنو عەبدولبەڕ، زۆرجاران ناوی ئەوانە دەبات لە خاوەنی چوار کتێبەکە کە ژیاننامە باس دەکەن، بە هەندێ هێما کە روونی کردووەتەوە لە پێشەکی کتێبەکەی، ئەوەشی باسکردووە کە ئەو لە هەموو دانەرێك باشترین قسەکانی یان ئەوەی کە نیازی پێدەکەوێت وەریگرتووە، تەنها بە بابەتی نێو ئەو چوار کتێبەش وازی نەهێناوە، بەڵکو هەندێ بابەتی لە چەند کتێبێکی تری بۆ زیادکردووە. ناوی هەندێکیانی بردووە لە پێشەکی کتێبەکەیو هەندێ هەڵەشی لێگرتوون سەرەڕای ئەوەش ئیبنو حەجەر رەخنەی لێگرتوە وتوویەتی: ئەو شوێنی ئەوانەی پێش خۆی کەوتووەو هەندێ ناوی لەگەڵ هاوەڵاندا تێکەڵ کردووە، هاوکات بێ ئاگاشە لە زۆرێك لەو هەڵانەی لە کتێبەکانیان رویداوە.[١]

---

١) إبن حجر: الإصابة ١: ٤.

ئیبنولئەسیر گرنگیی داوە بە باسکردنی ڕەچەڵەكو هەواڵو ئەوەی بە هاوەڵ دەناسرێت، زیاتر لە هێنانەوەی فەرموودەو (علة) و ڕێگەکانی، چونکە دیدی ئەو وایە ئەو باسانە شیاوە لە کتێبەکانی فەرموودەدا بن، ژیاننامەکانی بە شێوازێکی وردو لەسەر سیستمی ئەلفوبێ ڕێکخستووە، بەو کارەیش دۆزینەوەی ناوەکانی ئاسان کردووە، سەرەتا بە ناوەکان دەست پێدەکاتو ئەمجا بە نازناوو دوایی بە ناوی ژنان.[١]

بەڵام کتێبی (الاصابة في تميز الصحابة)ی ئیبنو حەجەر گشتگیرترین کتێبەکانی ناسینی هاوەڵانە، دانەر بابەتی کتێبەکەی لە ژمارەیەکی زۆر لە کتێبەکانی ناسینی هاوەڵان پوختەکردووتەوە کە پێش خۆی دانراون، هەروەها سودمەند بووە لە کتێبەکانی (الجرح والتعديل)و مێژووی شارە ناوخۆی یەکانو کتێبەکانی زەبتی ناوەکانو فەرموودەو تەفسیرو (رقائق)، بە هەمان شێوە سوودی وەرگرتووە لە کتێبەکانی ڕەچەڵەكو هەواڵو زمانو وێژە. زۆربەی لێوەرگرتنەکانی ڕاستەوخۆیە لەو کتێبانە، ئەوەیش وا دەگەیەنێت کە شارەزای تەواوی هەبووە لەسەریان.

کتێبەکە لە چوار بەرگدایە، سێ بەرگی ژیاننامەی ئەوانەیە بە ناویان ناسراون، ژمارەشی (٩٤٧٧) ژیاننامەیە، بەڵام بەرگی چوارەم باسی ئەوانە دەکات کە بە نازناوو ناسراونو ژمارەیان (١٢٦٨) ناودارە، هەروەها باسی لە ژیاننامەی ئافرەتان کردووەو ژمارەیان (١٥٢٢) ئافرەتە، هەموو ئەم کەسانەش کە باسی کردوون، جێگیر نەبووە کە پلەی هاوەڵێتیان بووبێت، هەر خۆی لە پێشەکی کتێبەکەی پۆلێنی ناوەکانی کردووە بە چوار بەشەوە، بەشی یەکەم: ئەوانەی کە هاوەڵێتیان جێگیر بووە لە ڕێگەی ریوایەت لە خۆیان، یان کەسی تر، ئیتر ئەو ڕێگە (صحيح) بێت یان (حسن)، یان (ضعيف) یان بە شێوەیەك باسکراوە کە ئاماژە بەوە دەکات ئەو هاوەڵ بووە، لە هەر ڕێگەیەکەوە بێت، بەشی دووەم: باس لەو منداڵانە دەکات لە نێو هاوەڵان باسکراون کە لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ لە دایکبوونەو پێغەمبەر ﷺ وەفاتی کردووەو ئەوان نەگەیشتوونەتە تەمەنی جیاکردنەوە (سن التميز)، ئەوانە زۆر پێدەچێت گەیشتبێتنە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ. بەشی سێیەم: ئەوانەن کە باسکراون لە کتێبە کۆنەکاندا کە (مخضرم) بوونە، واتە فریای سەردەمی نەفامیی و سەردەمی پێغەمبەریش ﷺ کەوتوون، لە هیچ هەواڵێکدا هەرگیز نەهاتووە کە ئەوان پێغەمبەر ﷺ یان چاوپێکەوتبێت، ئیتر ئایا موسڵمان بووبێتن لەژیاندا یان نا، ئەوانەیش بە کۆی دەنگ بە

١) إبن الأثير: أسد الغابة ١: ٦٠٤.

هاوەڵ ناژمێردرێن. بەشی چوارەم: ئەوانەن کە لە کتێبە دێرینەکان بە هاوەڵ لە قەڵەم دراون وەکو هاوەڵ.

ئیبنو حەجەر ژیاننامەکانی بە پی ئەلفوبێ ڕێکخستووە، لە هەموو پیتێکدا بە بەشی یەکەم دەستی پێکردووە، ئەمجا بەشی دووەم.. هتد.

زۆرجاریش لە ژیاننامەکەدا ناوی ئەو خاوەن کتێبە دەبات لە فەرمووودەناسان کە باسی ئەو خاوەن ژیاننامەی کردووە، گرنگیش دەدات بە پێناسەکردنی ڕەچەڵەکی هاوەڵەکەو نموونەیەك یان زیاتر باس دەکات لە فەرمووودەی ئەو، جاری وایش هەیە هەندێ لە باسی ئەو هاوەڵە لە غەزاکاندا یان ڕووداوە گرنگەکاندا دەکات، کاتی لە دنیا دەرچوونیشی ئەگەر زانرا بێت تۆماری دەکات.

بێگومان ئیبنوحەجەر بە سوودمەندبوونی لە تێبینییو ڕاستکردنەوەکانی زانایانی پێش خۆیو بەو خستنە سەرە گرنگانە و ئاگادارکردنەوە وردانەی کە لە دوو توی کتێبە مەزنەکەی هاتووە، بێگومان ئەو تایبەتمەندیانە لە کتێبەکانی دیکەی ناسینی هاوەڵان وەدەست ناکەون ئەگەرچی ئەو کتێبانە خاوەنی چاکەی یەکەمو ڕێگەخۆشکەربوونە بۆی.

سەرچاوە هاوچەرخەکان:

گرنگترین ئەو سەرچاوانەی سوودم لێوەرگرتوون بۆ کتێبەکەم، سەبارەت بە ئەو بەشانەی پەیوەندیان هەیە بە خەلیفەکان و پشێوی یە ناوخۆیو ئابووری یەکان بریتین لەو توێژینەوە زانستییو نامە زانکۆیانەی کە سەرپەرشتیم کردووە لە زانکۆی ئیسلامی لە شاری مەدینە، کە تیایدا وابەستەی ڕێڕەوی ڕەخنەگری فەرمووودەناسان بووم، بە مەبەستی ڕەخنەگرتن لە گێڕاوە مێژووی یەکان، ئەو کارانەش ـ لە ڕاستیدا ـ زۆر ناوازەو پێشڕەون لەم گۆڕەپانە گرنگەدا، هیوایشم وایە بە زووترین کات ڕۆشنای ببینن، ئەو توێژینەوانەش بریتین لە: (خلافة أبی بکر الصديق)ی عەبدولعەزیز موقبیل، (النواحي المالية في خلافة عمر بن الخطاب)ی عەبدولسسەلام موحسین ئال عیسا، (خلافة عثمان بن عفان)ی موحەممەدی کوڕی موحەممەدی عەلی عەواجی، (فتنة مقتل عثمان بن عفان)ی موحەممەد عەبدوڵڵا غەببان، (خلافة علي بن أبي طالب)ی عەبدولحەمید عەلی ناصر فەقیهی، هەموو ئەو نووسەرانەش مامۆستان لە زانکۆی ئیسلامی لە شاری مەدینە، هەروەها (الروايات التأريخية في

فتح الباري ـ عصر الخلافة الراشدة)ی دکتۆر یەحیا ئیبراهیم یەحیا، هەموو ئەم توێژینەوانە لە ساڵەکانی (١٤٠٨ـ ١٤١٢ك) ئەنجامدراون.

بەڵام لە دوا بەشەکانی کتێبەکە پشتم بە ستووە بەوانە بێژی یەکانی خۆم کە ئاڕاستەی قوتابی یەکانی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدام کردووە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٧ـ ١٩٧٦زایینی، بێگومان پاش ئەوەی بژارم کردووەو لەسەرچاوە کۆنو نوێکان خستوومەتە سەریان.